# هۆزی داهۆڵان

نووسین:ئالێکساندێر پاناگولیس

**(Αλέξανδρος Παναγούλης)**




**کردنەوە بە کوردی: ئازاد کەریمی**

هۆ گۆڕە بزۆکەکان!

هۆ جنێوە بزێوە کانی ژیان!

بکوژانی بیر و هزر! هۆزی داهۆڵان!

هۆ ئەوانەی وا ئیرەیی بە بوونەوەران ئەبەن!

هۆ ئەوانەی وا سووکایەتی ئافراندنن!

هۆ داڵدەخوازان بە نەزانی!

هۆ خێڵی سەرسپاردوو بەم ترسە نامۆیە!

هۆ لەبیر بەرەوەکانی دوێنێ!

ئەی شەوکوێرانی تێڕوانیو بۆ ئێستا!

چاونووقاوان بۆ ئەگەری ئاینده!

هۆ ئەوانەی وا ئەدون هەر بۆ ئەوەی نەمردبێتن

هۆ ئەوانەی وا هەر بۆ چەپ کوتان دەستتان هەیە

هۆ ئەوانەی وا سبەی زیاتر لە هەمووان چەپ ئەکوتن

وەک دوێنێ و ئەورۆ و هەمیشە!

بزانن! ئەی بیانووەکانی چەکەرەی ملهوڕی

ئەوا من بێزارم لە ستەمکاران!

**لە پەرتووکی "پیاوێکی تاقانە" نووسینی "ئوریانا فالاچی"یەوە دەرمهێناوە...**

داهۆڵ: کۆتەڵی مرۆڤە لە کا و کۆتە و ئەیکەن بە دارەوە و قیت ئەیوەستێنن لە سەر مەزرادا بۆ ئەوەی پەلەوەر و باڵندەی دانەخۆرە نەوێرن توخنی مەزرا و بێستان کەون لە بەر ئەوەی وا بزانن مرۆڤە.

"ئالێکساندێر پاناگولیس" ئازادیخوازی تێکۆشەری خەڵکی یونان(٢ی جولای ١٩٣٩- ٧ی مای ١٩٧٦) لە گلیفادای نزیک ئاتێن پایتەختی یۆنان لە دایک بووە. هەم شاعێر بووە و هەم چالاکوانی سیاسی.

ئەم پیاوە ئازا و بوێرە دەورێکی زۆر بەرچاوی بوو لە دژایەتی کردن و هەڵوێست گرتن دژ بە ڕژێمی دێکتاتۆری جێنێراڵەکان بە سەرۆکایەتی "گورگیوس پاپادوپولۆس" وا ١٣ی ئاگوستی ١٩٦٨ کودەتایان کرد و جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست و ڕژێمی دیکتاتۆرییان لە یۆنان بەرپا کرد. لە کۆتاییدا لە بولڤاری "ڤوولیاگمێنیس" ی ئاتێن پایتەختی یۆنان بە ڕووداوی هاتووچۆی دەستانقەست بە ماشێنەکەیاندا کێشا و کوشتیان. "ئوریانا فالاچی" ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی خەڵکی ئیتالیا هاوژینی پاناگولیس بوو.



ئۆریانا فالاچی و ئالێکساندێر پاناگولیس

**ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی قەڵەم دا بەم لینکەدا بڵاو کراوەتەوە:**

https://www.qelam.com/index.php?option=com_content&view=article&id=4366:hzy-dahan&catid=88&Itemid=473